# کڵاوسوور (2)

ڕەحمان سۆفی

دەمەو ئێوارە بوو، پاڵتۆکەم لە خۆمەوە ئاڵاند، سەر و ملمم توند داپێچا؛ کەوشم لە پێ کرد و وەدەرکەوتم. کەزە بای پاییزی سەر و گوێلاکی مرۆڤی دەتەزاند. لە نیوەی ڕێدا پێ حەسام کە دەسکێشەکانم لە بیرچووە. دەست و پەنجەم وا تەزی بوون، ئەنگوستەکانم لە گۆ کەوت بوون. بە کوفە کوف و ئۆفە ئۆف خۆم کرد بە سالۆنی ئەنجەمەنی ئەدەبیدا. بە کردنەوەی درگاکە باوشێکم سەرما لەگەڵ خۆم بردە ژووێ. ڕوانیم، دیم وەستاساڵە، خاڵە سەید و یەک دوو ناسیاو کە ئەوانیش وەکوخۆم هۆگری ئە دەبیات بوون؛ لەوێ دانیشت بوون.

وەستاساڵە گوتی « فەرموو، وەرە! لێرە سەندەڵی بە تاڵە » چووم، لەنزیک پەنجێرەکە، لە پەنای ئەوانەوە دانیشتم. چەن کەسی دیش بە ئاماژەی دەست و دەنگی بەرز بە خێرهاتنیان کردم. منیش بە سەر لەقاندن و دەست بە سەینگەوە گرتن، وڵامم دانەوە.

کڵاوسوور،هەڵیدایە و گوتی « مامۆستا بەو باڵتە و سەر کڵاوەتەوە هەر لە کۆنە ئاغا دەچی »

دەمزانی کڵاوسوور، کوێی دێشی و لە کوێوە دەدوێ. هیچم نەکوت، ئەوە نەبێ؛ بە ماناوە ڕوانیمە وەستاساڵە. ئەویش ڕووی کردە کڵاوسوور و بە گاڵتەوە پێکەنینەوە گوتی « بەڵێ، ڕاست دەفەرمووی، هەردەڵێ باباغای ڕەحمەتیتە تازە لە ڕاوەکەو گەڕاوەتەوە »

کڵاوسوور خۆی گرژکرد و بە توڕەییەوە گوتی « جا، بۆ لاتاو داوێی وەستا !» ئەوەی گوت وڕووی کردە خاڵە سەید و گوتی « ئادەی خاڵە سەید ئەو پەنجێرە یە بکەوە!»

کیژۆڵەیەکی لەچکەسەوز ناڕەزایی خۆی دەربڕی و گوتی « چی پەنجێرە بکەوە! ساردە، ڕەق دەبینەوە؛ ئەگەر زۆرت گەرمایە بچۆ دەرێ »

کڵاوسوور بە ناقایلەوە گوتی « لە بەرگەرما ناڵێم. ئۆکسیژن نییە. لەوانەیە بخنکێم. بۆ تێ ناگەی؛ خۆزگە ڕۆژێک تێ دەگەیشتی! »

کیژۆڵەی لەچکەسەوز کوتی « بەڵێ هەر ئاغا دەزانێ ئۆکسیژن چییە! بۆیە حاڵت زۆر خۆشە؛ بڕۆ بابە تۆ کێەی »

بەڵام سەیرئەوە بوو، خاڵە سەید خۆی شلوێ نەکرد. هەر وەکوو لەگەڵ ئەویشیان نە بووبێ سەری لە سەر نووسراوەکە ی هەڵنەبڕی.

کڵاوسوور، هاتەوە قسە و گوتی « حەح، خاڵە سەید گوێی گرانە »

خاڵە سەید مۆڕەیکی لێکرد و گوتی « گوێم گران نییە، بەڵام ئەوکچانە سەرمایانە. ئەوە نییە هاواریان لێ پەیدا بوو؛ بۆ نابینی؟! »

کڵاوسوور بە گوڕتەکانی لەخۆدا و چوو پەنجێرەکەی کردەوە. چەن کەسێک کە لە نزیکی پەنجێرەکە دانیشت بوون، چوون بە گژی دا.

کیژۆڵە لەچکەسەوزەکە هەستا و پەنجێرەکەی پێوەدا و گوتی « کاکی یاخی سەر مامانە »

کڵاوسوور گوتی « بۆ ئەوندە ناسک و نارنجیت، ڕفێقەکانی تۆ ئەوە لە شاخین »

کیژۆڵەکە کوتی « ئەمڕۆ، ڕۆژی زانستە؛ زانکۆ کار بردی لە شاخ باش ترە.»

کڵاوسوو گوتی« خاتون! وادیارە، تازە کەپۆت نەشتەرکاری کردوە؛ بە بۆن نازانی. هەوای ئەم ساڵۆنە ئەوندە گەڕاوەتەوە؛ پیاو دەخنکێنێ »

کچ و کوڕێکی، لاو بەقەڵەم تەقەیان لە مێزەکە هێنا. کچەکە بە دەنگێکی نەرم و شاعیرانە کوتی «تکایە، هاوڕێیان بێ دەنگبن!» کورەکەش هاودەنگ بەدوای ئەودا گوتی « ئەگەر ئیزن بدەن، با بەرنامەی ئەمڕۆمان دەس پێبکەین. خوشکە تریفە فەرموو!»

تریفە دەفتەرێک بە دەستەوە، چووە پێش تریبۆنەکە. مقۆ مقۆیەکی کرد و لێوی بە زمانی دا هێنا و گوتی « ئەم چیرۆکەم تازە نووسیوە، بۆتان دەخوێنمەوە» ئەمەی گوت و دەستی کرد بە خوێندنەوە:

**( کاتێک شەڕ تەواو بوو، مەمۆ گڕاوە بۆ زێدەکەی. هیچ هەواڵێکی لە خاو خێزانی نەبوو. ئێوارە بوو، چووە کافەڕەستورانی جامی؛ نانی خوارد. بە دزییەوە کەمێکی ویسکیش هەڵقوڕاند. لە کافەکە دەرکەوت. ژنێک لێی نزیک بووە و گوتی « ئەوە بۆ کوێ؟ دێی بڕۆین ؟ »**

**مەمۆ گوتی « بڕۆ پیرەژن. دەمەوێ بچمە ماڵی دەسگیرانەکەم »**

**ئەوەی گوت و پاڵی دا بە دارچرابرقەکەی پیادەڕەوەکە وە. بەڵام بە دەنگی ژنەکەدا کەوت بووە گومانەوە. کەمێک لە ژنەی ڕوانی، لێ نزیک بووە.**

**قۆڵی گرت و ڕای وەشاند و گوتی ئەوە تۆی . . .؟ » ژنەکە یەک بە خۆی قیژاندی. . . )**

زۆریان چەپڵە بۆ تریفە لێدا. وەستاساڵە ئافەرمی لێکرد.

کڵاوسوورهەڵی دایە وگوتی «حەح، جا ئەوە کەی چیرۆک بوو. چیرۆک ئەوەی"کافکا" یە. پیاوەکە ئێوارە دەخەوێ بەیانی هەڵدەستی دەبێ بە " قالۆنچە " » هەموو پێکەنین.

وەستاساڵە ڕووی کردە خاڵە سەید و پرسی « ئەرێ خاڵە سەید جەنابت چەن کراست لە ئێمە زیاتردڕاندووە. تا ئێستا دیوتە مرۆڤ ئێوارە بخەوێ و بەیانی هەستێ ببێتە "قالۆنچە" ؟ »

خاڵە سەید کوتی « ناوەڵڵا، من بە عومری خۆم نەم دیوە مرۆڤ بووبێتە "قالۆنچە". بەڵام خوێرییە پیاوم زۆر دیوە، گۆیا ماوەیەک شۆڕشگێربوون. کەچی بونەتە پیس ترین خاین و خۆفرۆش »

کڵاوسوور وهاوبیرەکانی کردیانە هەراوهەڵا. پەنجێرەیان کردەوە، سەندەڵیان شکاند؛ و درگایان پێکدا دا. هەرچەند وەستاساڵە وخاڵە سەید هەوڵیان دا ئەهۆنیان کەنەوە؛ بەڵام فایدەی نەبوو. کۆڕوکۆبونەوەیان شێواند بە سەریەکدا.

کڵاوسوور دروشمی ئەدا « دەبێ سەرنخون بێ، تەنیا ڕێ چارە هەر ئەوەیە »

تۆ مەزانە کە لە نێوخۆوە، ڕاپۆرتیان دابوو. زۆری پێنەچوو چەن سیاپۆشی باتوم بەدەست و سەر و چاو داپێچراو گەیشتنێ. دڕیان بە خەڵکەکەدا. کڵاوسوور و چەن کەسی دیکەیان قۆڵبەست کرد. خەڵکەکەشیان وەدەرنا و درگای ساڵۆنە کە یان قفڵ کرد.

***

ئێمەش بە ناچار بە توڕەیی و دڵپەرۆشییەوە وەدەرکەوتین. ویستم ماڵاوای بکەم و بڕۆم، بەڵام وەستاساڵە نەیهێشت. باڵی من خاڵە سەیدی گرت و کێشامانی و گوتی « ئەگەر قەناعەت بکەن، دەچینەوە ماڵی ئێمە. هەرچییەکمان هەبوو، پێکەوە دەیخۆین. شەوی پاییز درێژە دادەنیشین و دەرد دڵ دەکەین. »

خاڵە سەید بیانوی هێناوە کە خێزانی نەخۆشە، کەسیشیان لە ماڵ نییە ناتوانی. داوی لێ بوردنی کرد؛ ئەو ماڵاوایی کرد و ڕۆیی. من بە دڵ و نا بەدڵ لەگەڵی ڕێکەوتم.

تازە شێومان خوارد بوو، لە زەنگی درگایان دا. خێزانی وەستاساڵە بە شەلەشەل و بۆڵە بۆڵ، چوو بزانێ کێیە و چی دەوێ. گوێم لێ بوو، کە یەکێک گوتی « ببەخشە بەم شەوە درگام پێگرتوون، وەستاساڵە لە ماڵە ؟»

ئەویش لە جوابدا گوتی « ئەلێکەسلام خات هەنارگیان، یا خودا بە خێربێی؛ بەڵێ فەرمووبا بچینە ژووری!»

وەستاساڵە دڵی داخورپا وترس دایگرت. لە پەنجێرەکەوە سەرە تاتکێکی کرد. هەرکە دنگی خات هەناری هاتەگوێ لە بەر خۆیەوە گوتی " خێر بێ تۆ بڵێی بۆچی هاتبێ "

درگاکە کراوە وخات هەنار وەژوورکەوت. وەستاساڵە چووە پێشوازی و گوتی « هەنار! ئەوە چۆنە ڕێت لێ ون بووە ؟ »

خات هەنار گوتی « ئای وەستاساڵە گیان نازانی، یاخوا هیچ کەس وەک منی لێ نە قەومێ. نازانم بڵێم چی، خۆت دەزانی؛ باوکیان بەوجۆرە ڕۆیی کە ڕۆیی. ئەو دوانەی دیکەشم بوونە دەستە چیلەی ئاگری شەڕی بەچکە ئاغا و خۆخۆری. کەچی ئەوانە وا شەڕیان هەڵگرساند ئەوەتا خۆیان قیت قیت لە بەغدا و لە ئۆرۆپا خۆشترین ژیانیان هەیە و کەیفی بۆدەکەن. ئەوەتا منی کۆسکەوتوش داماو؛ نەتەنیا من هەزاران دایکی دڵسوتاوی وەکوو من کۆسکەوتوو و داماوین. خەڵکی ئەم شارە هەموو دەزانن کە ڕۆژێک تێرم و دوو ڕۆژ برسیم. تەنیا ئەم پاشەبەرم بۆماوە تەوە، ئەوەتا ئەویش سەری لە گێچەڵ دەخورێ؛ هەر ڕۆژەی بەزمێکم بۆ دەنێتەوە. بەدەستییەوە داماوم »

وەستاساڵە کوتی « خەفەت مەخۆ؛ هەر تۆ لێت نەقەوماوە. من هەر چیم لە دەست بێ بە سەر هەر دوو چاوەکانم. دەفەرمووی چ بکەین ؟ »

خات هەنار گوتی « منیش هەربۆ ئەوە هاتوم، تێداماوم؛ نازانم پەنا بۆکێ بەرم »

وەستاساڵە، چاوی لە سەریەک دانا و تێراما؛ دوای پشوێک گوتی « کەسێک ناناسی بیکەینە تکاکار؟ »

خات هەنار هەندێک مات بوو، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی « ناوەڵلا، هیچ کەس شکنابەم مەگەر هەر خۆت تەگبیرێکمان بۆ بکەی »

وەستاساڵە کوتی « سەبرکە بزانم بیرێکی لێ دەکەینەوە. خەم مەخۆ! دڵنیابە، ئەم دنیایە هەرئاوا نامێنێ؛ با جارێ چایەکی بخۆینەوە.» خێزانی وەستاساڵە چای هێنا و چوو لە تەنیشت خات هەنار دانیشت، دڵخۆشی دەداوە. لە هەمان ساتدا بە نەرمی لێپرسی « خات هەنارگیان شێوت خواردوە ؟ دەبا با نانت بۆ بێنم ، ماڵی خۆتە ».

خات هەنار گوتی « ئەرێ بە قوربانتبم، من ئێواران زوو نان دەخۆم »

بەڵام لە ناخەوە خۆی دەخواردەوە. سینگی دەکوتا « ئای خوا چاکیان بۆ نەکا »

وەستاساڵە چایکی خواردەوە و سیگارێکی داگرساند. چەن مژی لە سیگارەکەی دا و لە بەرخۆیەوە دەی گوتی « ئەگەر پیاو ناچاربێ، مەجبوورە " بە جولەکەش بڵێ بە ڕیشی مەبارەکت قەسەم".

ئاخێکی لە ناخەوە هەڵکێشا، و ڕوو لە خات هەنار کرد و گوتی « هەستە! با بچین بۆلای ئیمام جومعە؛ لێی بپارینەوە، بەڵکو تکایەکمان بۆ بکا»

منیش ئێزنم خواست و لەگەڵ ئەوان وەدرکەوتم. لە کۆڵان ماڵاواییم لەوان کرد و بەرەوماڵ بوومەوە. دەڕۆیم، بیرم لە ڕووداوەی ئێوارە چیرۆک دەکردەوە. چی قەوما ! بۆ ، لە بەرچی؟ پریسار مێشکمی ئاڵۆزکردبوو. شەو خەوم لێ شێوابوو، لە سەر جێگاکەم گێنگڵم ئەدا و خەوم لێ نەدەکەوت.

***

ڕۆژی دوایە، لای ئێوارە؛ وەستاساڵە لەگەڵ چەن هاوڕێی دێرین لێم پەیدا بوون. بڵێی نە لێی تۆزیک شڵەژام. هەر چەند فەرمووم کردن بێنە ماڵەوە نەهاتن.

وەستاساڵە گوتی « هەستە با بڕۆین »

گوتم « بۆ کوێ وا بە پەلە »

گوتی « تۆ هەستە! دوایە پێت دەڵێم »

فایدەی نەبوو، لەگەڵیان وەڕێکەوتم. لە ڕێگا بە ڕاوێژی قسەکردنی ئەواندا تێگەیم کە بۆ کوێم دەبەن. بە پیاسە و قسەکردن گەیشتینە بەردرگای ماڵی خات هەنار. وەستاساڵە لە زەنگی دا. خات هەنارهەر لە حەوشەوە دەنگی هات، « کێیە ؟ ئەوە هاتم » درگای کردەوە. فەرموو، فەرموو. چووینە ژوورێ.

سەماوەرگیزەی دەهات. چای لە دوای چایی. دوکەڵی سیگاربە با کردن و قسەی لێرە ولەوێ. پێم سەیربوو! چۆن ئەمانە تا دوێنێ دانویان پێکەوە نەدەکوڵا یەک کەوتوون. هەوڵم دا کە لە سەرخۆبم وگوێ بگرم. کڵاوسوور، مات وبێ دەنگ لای درگاکەوە دانیشت بوو. خات هەنار چایکی بۆهێنام و

گوتی « یاخودا بەخێربێی؛ گەورەت کردم. ئەمشەو جەژنی دووبارە لە دایک بوونی پاشەبەرەکەمە؛ بۆیە دۆستان جەمعیان جەمە »

وەستاساڵە گوتی « خوا پێت بێڵێ، کوڕی چاکە. ئەگەر کارێکی بۆ پەیدا کەین، ئەودەم خۆشم بۆی دەچمە خوازبێنی »

خات هەنار گوتی « خوا لە دەمت ببیسێ، وەستاساڵە گیان »

وەستاساڵە لە سەرقسەکانی بەردەوام بوو و گوتی « بەڵام شەرتی هەیە، شەرتی ئەوەیە کە ئەویش لە قسەی دایکی دەرنەچێ. خۆی دەزانێ کە من قەباڵەی خانوەکەمم لە بەرخاتری دایکی لە بارمتە داناوە. ئیمام جمعەش ڕیشی سپی لە گرێوناوە. جا، پیاوی پیاو ئەوەیە کە وڵامی پیاوەتی و چاکە بە چاکە بداتەوە »

کڵاوسوور،سەری بەردابووەوە، هیچی نە دەگوت.

خات هەنار گوتی « ئای کە قسەی دڵی منت کرد، وەستاساڵە گیان. خۆی دەبێ بزانێ چەندم شەونخونی بۆ کێشاون، ئیدی هیچم بە بەرەوە نە ماوە؛ ئەویش دەبێ ئەمەگی دایکی بداتەوە. تاکەی چاوبەگریان وهەناسە ساردبم. خەڵکی لە هەموو دەسگایەک دا دەستیان هەیە. چ خەمیانە. هەر منداڵی ئێمەمانان بەدبەخت دەبن »

وەستاساڵە گوتی « هەڵبەتە مەسەلە ئەوەیە بەچ شێوەیەک و چۆن مافی خۆمان وەدەست بێنین. گرینگ ئەوەیە کە یەکترمان قەبوڵ بێ و هەوڵ بدەین لێک نزیک بینەوە. هیچ نەبێ بتوانین خاڵی هاوبەشمان بدۆزینەوە. یەک لایەنە نەڕوانینە مەسایل »

کڵاوسوور ڕووی کرد وەستاساڵە و گوتی « من خزمەتکاری ئێوەم » بەڵام لەدڵی خۆی دا و لە ژێر لچەوە دەیگوت « دەبێ سەر نوخن بێ؛ تەنیا ڕێ چارە هەر ئەوەیە »

خات هەناربە خۆشەویستییەوە سەرنجێکی کورەکەیی دا و ئاخێکی هەڵکێشا. چاوە کزەکانی پڕ بوو لە فرمێسک. ڕووی قسەی لە من کرد و گوتی « مامۆستا گیان! چاکە و پیاوەتی قەت ون نابێ. مەمنونی هەمووتانم »

وەستاساڵە بە ڕووخۆشییەوە گوتی « کوڕینە! درەنگە، با بی کەین بە شەو»

ئاپریل 2010 یوتەبۆری